کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:09 10-6-2007

## ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ ... میر

ئەو هێرشە ئیعلامییەی کەراگەیاندنەکانی (ی. ن. ك) لەم چەندرۆژەی رابردودا دەیکەنە سەر یەکگرتووی ئیسلامی کەگوایە خیانەتی بەبەرژەوەندیەکانی گەلی کورد کردووە لای هەمووﻻ روون و ئاشکرایە ئەو کۆنگرەیەیەی قاهیرە نزیکەی یەك مانگ پێش کۆبوونەوەکەی (دوکان) ی نێوان هەردوو حیزب بووە ئەی ئایابۆچی لەورۆژەدا بیری ئەو کۆنگرەیەیان کەوتۆتەوە کە یەکگرتوو بەشدار بووە تێیدا من گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کەتاکە هۆکار بۆ بیر کەوتنەوەی ئەو بەشداریەی یەکگرتوو تاوانبار کردنی و ئیهانە پێکردنی تەناها پەیوەندی بەو تەنازولە یەك لەدوای یەکانەی (ی. ن. ك) هەیە کەلە دانشتنەکەی رۆژی پێنج شەممە لە دوکان کردی بۆ پارتی کەدەستی هەڵگرت لەورگرتن و ئاڵو گۆری پۆستە سیادیەکانی کوردستان وەك لەسەری رێك کەوتبوون لەنێوان هەردووﻻدا وەك سەروکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان لەبەرامبەردا بێ شك (ی. ن. ك) یش بۆ خۆدەربازکردن لەم تەنگژەیەو تورەیی ئەندام و دۆست و ﻻیەنگرانی وەك هەموو جاری پەنای بۆ ئەو هەڵمەتە ئیعلامی یە برد دژ بەیەکگرتوو. ئەگینا بۆ راگەیاندنەکانی پارتی ئاقلانەتر مامەلەی کرد لەو شەرفروشی و هەڵمەتەدا چونکە لەمامەڵەکەی دوکان براوەبوون. بەداخەوە وەك هەموو جارێکیش بەناو رۆژنامە نووس و راگەیاندنەکان هەمان دەهۆلی سەرکردە و حیزبەکانیان کوتایەوە. ئەم هەڵوێستەی یەکێتی یش ئەو پەندەکوردیە مان بیر دەخاتەوە کەدەلی (بەکەر ناوێری بەکورتان فێرە)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.